ئیبن خەلدون ، گەورە کۆمەڵناس و مێژونوسی ئیسلامی خاوەنی وردترین و ڕاسترین لێکۆڵینەوەیە لەسەر عەرەب ، لە یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی دەڵێ "عەرەب ناتوانن ببن بە خاوەنی هیچ ئەگەر بەرگێکی ئاینیی بەبەردا نەکەن ، یاخود کەسێکی گەورەیان بەسەرەوە نەبێ "

ئەوەی مێژوی عەرەب بخوێنێتەوە دەزانێ کە عەرەب هەمیشە پێویستیی بە دەقێکی موقەددەس یا کەسێکی موقەددەس هەبوە تا مل بدا بۆ حەق و قبوڵی بکا ، سروشتی عەرەب وایە ، ئیبن خەلدون لەبارەی سروشتی عەرەب دەڵێ " عەرەب سروشتێکی وەحشیانەیان هەیە و بە ئاسانی نایەنە ژێرباری ڕاستی ، خۆبەزلزان و توندن و حەزیان بە سەرۆکایەتی و کێبڕکێ هەیە و بە ئاسانی کۆ ناکرێنەوە و ڕێک ناکەون "

ڕەنگە سروشتی توندی عەرەب یەکێک بێ لەو هۆکارانەی کە وایکردوە زۆرترین پەیامبەر لە ناوچەی ئەواندا دەربکەون ، چونکە ئەوان بەبێ دەقی موقەددەس و سەرکردە هەرگیز ناتوانن وەک مرۆڤی ئاسایی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ئارام پێک بهێنن ، لەم بارەیەش دیسان ئیبن خەلدون دەڵێ

" عەرەب تەنها بە پەیامی ئاسمانی دەبن بە مرۆڤ ئەگەر پەیامی ئاسمانییان لێ بسەندرێتەوە دەبن بە ئاژەڵ"

مێژوی دور و نزیک بخوێنەوە ، قسەکانی ئیبن خەلدون وەک نەقشی سەر بەردن ، ئیسلام پەیامێکی پیرۆز و جوانی هێنا ، سەردەمی پەیامبەر د.خ و چوار یاوەرە بەرێزەکانی سەردەمی زێڕین بون و عەرەب بون بە مرۆی بەڕێز و خاوەن پەیام ، بەڵام بەداخەوە زۆری نەبرد گەڕانەوە سەر سروشتی خۆیان و دەستیان کردەوە بە شەڕ و ئاژاوە و داگیرکاری و خوێنڕێژی.

عەرەب دەستیان کرد بە داگیرکردنی گەلانی سادە ، هەروەک ئیبن خەلدون دەڵێ " عەرەب تەنها دەتوانن بەسەر نەتەوەی سادە و فەقیردا زاڵ بن، هەر جێگایەکیش عەرەب دەستی پێگەیشت ئەوا بەرەو وێرانبون و کاولکاری دەچێت "

با زۆر نەچینە قوڵایی مێژو ، هەر سەرنجی کێشە فەڵستین بدە ، نزیکەی سەدەیەکە عەرەب و یەهودی کراون بە دوژمن ، لەڕاستیدا خۆی مەسەلەکە سیاسییە بەڵام تەنگژەکان ئەگەر بەرگێکی موقەددەسیان بەبەردا نەکرێ خەڵکی گرنگییان پێنادات چجای قوربانیدان بە ماڵ و گیان لەپێناوی !

زایۆنییەکان و سیاسییە بازرگانەکانی عەرەب وەک یەک مەسەلەی فەڵەستین و قودسیان پیرۆز کردوە لەپێناو بەدەستهێنانی سۆزی بڕواداری سادە و لەو پێناوەشدا سەدان هەزاریان لە هەردولا بەکوشتداوە و بەردەوامیشن لە بەکوشتدانی خەڵک ، بەڵام ئایا خودا فەرمانی بەم جۆرە کارانە کردوە ؟ ئایا مرۆڤ گرنگترە یا دار و بەرد و مزگەوت ؟

ئایا خودا فەرمانی کردوە مزگەوتێک یا پارچە زەوییەک سەدان هەزار خەڵکی لەپێناودا بکوژرێ ؟

خودا هەمو جیهانی خستۆتە خزمەتی مرۆڤ و لەلای خودا مرۆڤ ئامانجە و هەمو جیهانیش ئامراز ، ئاینیشی هەر بۆ خۆشبەختیی مرۆڤ ناردوە ، کەواتە مرۆڤ لە ئاینیش گرنگترە ، بەو پێیەش ناشێ تۆ مرۆڤەکان بکەیتە قوربانیی جیاوازیی باوەڕ و تێفکرین و چۆنیەتیی نزیک بونەوە لە خودا.

خودا چونکه مرۆڤەکانی جیواز دروست کردوە ڕێگاکانی گەیشتن بە خودی خۆیشی جیاوازن ، هەمومان دەتوانین بە خودا بگەین بەڵام مەرج نییە هەمومان هەمان ڕێگە بگرینەبەر .

بازرگانانی ئاین و خوێن دەیانەوێ نوێنەری خودا بن لەسەر زەوی ، ئەوان لە خۆیان زیاتر کەسیان قبوڵ نییە ، خودا هەر هی خۆیانە و هەمو ئەوانی تر کافر و گومڕا و ئەهلی دۆزەخن ، پەیامی ئەوان کوشتن و داگیرکردن و خوێنڕشتنە لە کاتێکدا پەیامەکانی خود بۆ ئاشتەوایی و پێکەوەژیان و بەختەوەری دابەزیون ، لەوەشدا عەرەب و یەهودی و کورد و هەمو نەتەوەکان وەک یەکن ، مەسەلەکە شێوازی تێفکرینە .

سەرکردەکانی کورد -بەتایبەت ئەوانەی سەرسامن بە کەلتوری عەرەب- هەمان تێڕوانینی عەرەبیان هەیە ، ئاخر کوردیش ماوەیەکی زۆر ژێردەستەی عەرەب بوە ، وەک ئیبن خەلدونیش دەڵێ

**" ژێردەستەکان سەرسامن بە داگیرکەرەکانیان و هەمیشە حەزدەکەن لاسایی ئەوان بکەنەوە "**

بۆیە زۆرێک لە بەرپرسە نابەرپرسەکان دەبینین لە عەرەب و کورد خەڵکی هان دەدەن بۆ دژایەتیکردنی ئیسرائیل و خۆشیان خەریکی ژیانی شاهانەن ، برەو بە خوێنڕێژی دەدەن بەناوی شەهادەت و بەهەشت وەک ئەوەی خۆیان حەزیان لێی نەبێت !

شەهادەت بۆ کوڕی خەڵک و شەهادەی بەرز بۆ کوڕی خۆیان ، مردن و بەهەشت بۆ کوڕی خەڵک و ژیان و خۆشیی ئەوروپاش بۆ کوڕەکانی خۆیان ، من نازانم ئەگەر ئەوان هێندە حەزیان لە شەهادەتە بۆچی خۆیان پێشی خەڵک ناکەون ؟

بازرگانانی ئاین دەڵێن ئێمە دڵمان لەگەڵتانە و دوعاتان بۆ دەکەین ، مەگەر کاتی خۆی سەرکردەی کورد سەلاحەدینی ئەیوبی بە دوعا قودسی ڕزگارکرد ؟ ئەی کوڕەکانی ئەو سەرکردە قارەمانەش لە ئەوروپا دەژیان وەک کوڕەکانی ئێوە ؟

نزیکەی نیو ملیار عەرەب بەرامبەر کەمتر لە ٢٠ ملیۆن یەهودی هەن لە جیهان، ئەگەر عەرەب دڵسۆز و خەمخۆری قودس و فەڵەستین بن باوەڕناکەم دژایەتیکردنی قەوارەی زایۆنی هێندە سەخت بێ ، بەڵام لەبەرئەوەی سەرکردەکانی عەرەب ترسنۆک و ئەڵقەلەگوێن لەترسی ئەمریکای براگەورەیان بە دروشم لەگەڵ فەڵستینن ژێربەژێریش دۆستی ئیسرائیل و ئەمریکان .

ترسنۆکیی و دوڕوییی سەرکردە سەرکزەکانی عەرەب و زۆر وڵاتی تر و تا دەگاتە زۆرێک لە بەرپرسانی کوردیش وایکردوە گەلێک کێشەی چارەنوسساز بۆ دەیان و سەدان ساڵ بەبێ چارەسەر بمێننەوە ، نمونەش زۆرن نزیکترینیشیان دۆزی گەلی کوردە .

هەمیشە دەڵێم دو چین ژیانی میللەتانیان شێواندوە ، بازرگانانی سیاسەت و بازرگانانی ئاین ، جاری واش هەیە هەردوکی پێکەوە کۆدەبنەوە ، کە ئەوەیان ترسناکترە چونکە تێکەڵەی بەنجی موقەدەس و بەنجی نیشتیمانپەروەری زۆر بەهێزە و هۆشیاربونەوە لێیان زۆر سەختە.